یاسای گەمژەکان.. نووسین: کریس هەجز.. وەرگێڕانی: گەران عەبدوڵا

لە چەژانی کۆتایی هەموو ئیمپراتۆرییەتێک، گەمژەکان دەسەڵاتدار دەبن. ئەوان چەنگدانەوەی گەمژایەتی کۆمەڵایەتین کە خەی لە ڕاستی جودا کردووەتەوە.
چەژانی کۆتایی ئیمپراتۆرییەتە مردووەکان لاڵایەن گەمژەکانەوە بڵووزەوە دەبرێن. سولاڵەتی چەمانی، مایا، فڕەنسی، هابسبورگ، عوسمانی، چەماڵەق، ئێرانی و سەفیەت لەژێر گەمژایەتی فەرمانڕەوا فاسیدەکانیان کە خەیان لە ڕاستی دوور خستبووەوە وەاتەکانیان تاڵان دەکرد و پاشکۆیان کردبوو بە ژووری دەنگدانەوە کە ڕاستی و درۆ لەیەکدی جیاناکرێنەوە، سەرئەنجام ڕووخان.
دەناڵد ترامپ و بوکەڵە ماستاوچێکانی لە حکومەتەکەیدا فەرمێکی نوێی پاشایەتی نێرانی ئیمپراتۆری چەمانین، کە خەرجی زۆری دەوڵەتی بە بەدەستهێنانی هەزی سیحراوی تەرخان دەکرد، ئیمپراتۆری چینی کین شی هوانگ، کە بە بڕدەوامی سەفەری بە دوورگەی ئۆفسناوی نەمرەکان فەندینگ دەکرد بە هێنانەوەی دەرمانێک کە ژیانی هەتاهەتایی پێببەخشێت. قەیسەری لاواز دانیشتبوو یاری کارتی تاڕۆتی دەکردو و بەشداری لە چەح بانگکردندا دەکرد لەکاتێکدا ڕووسیا لە جەنگێکی وێرانکەر تەوگلابو وە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس گیانی لەدەست دا و شکۆش لە شەقامەکاندا دەخرۆشا.
سەبارەت بە "هیتلەر و ئەمانەکان"، فەیلەسووفی سیاسی ئێریک ڤۆگەلین- Eric Voegelin- ئەو بیرکەیە چەتدکاتەوە کە هیتلەر، لە وتووێژ و دەرفەتوەرگرتنی سیاسیدا بەهرەمەند بوو بەڵام ئاستی ڕەشنبیری لاواز و زمان پیس بوو، بەوە گەلی ئەمانی فریودا.
وەک ئەوەی ڤەگەن دەنووسێت ئەمانیەکان، پشتگیری هیتلەر و کەسایەتییە پڕاوێز خراوەکانی دەوروبەری کرد چونکە ئەو نەخشیەکانی کەمەگیەکی نەخشی لە خەیدا بەرجەستە کردبووەوە، کەمەگیەک تووشی ڕووخانی ئابووری و بەهیوایی ببوو. ڤۆگەلین گەمژایەتی وەک لەدەستدانی ڕاستی پێناسە دەکات. لەدەستدانی ڕاستی مانای ئەوەیە کە کەسەکی گەمژە ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست کردەوەکەی لەو جیهانەی کە تێیدا دەژیت ئاراستە بکات. ئاژاوەگێڕەکە هەمیشە گەمژەیە، ناجۆرە یان گەڵانکاریەکی

کۆمەڵایەتی نییە. ئاژاوەگێڕێکە هەرچی سەردەمی کۆمەڵگەکە دەردەبڕێت، دووركەوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە جیهانێکی ئۆقیانی کە ئاستیەکانی پشتاستكراوە. ئەم گۆمژانەی بەرەن دەدەن شکۆمەندی و هێزی لەدەستچوو بگەڕێننەوە، بنیاتنەرنین تەنها وێرانکەرن و پرسەی هووخان خێراتر دەکەن. کەمتوانا لە رووی فکری، خاوەنی هیچ ئاراستەیەکی ئەخلاقینین، بەکەڵک و تووڕە لە بەرامبەر نوخبە جۆگیرەکان کە وایان دەبینن ئەمانە بکردەوەو دژن، جیهان دەگەڕێن بە گەڕیانێک بە فێڵباز و چەتە و قەبەکان. جەنگ لە دژی زانکۆکان دەکەن، لەکەینەوەی زانستی دەردەکەن، تیرەی هەڵکان دەربارەی ڤاکسینەکان وەک بیانوویەک بە فراوانکردنی چاودێری بە کۆمەڵ و هاوبەشکردنی داتا بکار دەهێنن، مافە یاساییەکانی دانیشتووان زەوت دەکەن، سوپای چەقکێشکان بەهێز دەکەن، ئاوەی بووەتە دامەزراوەی کەچ و گومرکی ئەمریکا، ICE، بە باوکردنەوەی ترس و دنیایی لە بەدەنگیە. هاستی، جا قیرانی کشووهەوا بێت یان هەژاری چینی کرێکار، کاریگەری لەسەر خیاڵکانیان نابێت. هەرچەندە خراپتر بێت، ئاوەندە گۆمژتر دەبن. هانا ئارێندت- Hannah Arendt- پێیوایە کۆمەڵگایەک کە باوەش بەم بیرکرنەوە شەرمهێنەرەدا دەکات، هەکارەکەی هەر خودی کۆمەڵگەکە خۆیەتی.
بە رزگاربوونی خیان و منداڵکانیان لەو دۆخە چەقبەستووە ناهەموارە کە تێیدا گیریاخواردووە، ئەم خەڵکە فریودەرن بە شێوەی دەوروبەریەوە بکاردەهێنرێن لە تەقلایەکی بێهیوایانە بە پشکۆتن.
خەڵک دەکرێنە ئامرێک بە بکارهێنان، دەبنە هاوبەشی دەنداینەتی چینی فرمانڕەوا. کۆمەڵگایەک پەیدابێت لە ئاژاوەو بێئاسایی، ڤۆگەلین- Voegelin- ئاوانە ئاوا دەناسێنێت بەرەوشت، فێڵباز، دەستوشێن، فەوفێاوی و توندوتیژ.
لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی کراوەدا، ئەم تایبەتمەندییانە بەزراون و تاوانبار دەکرێن. ئاوانەی ئەم تایبەتمەندییانە لەخیان پیشاندەدەن وەک گۆمژە مەحکووم دەکرێن. ڤۆگەلین پێیوایە "پیاوەک یان ژنەک بەم شێوەیە هەڵفتار بکات لە کۆمەڵگەدا بایکۆت دەکرێت." بەڵام نەرمە کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵگایەکی نەخشدا پێچەوانە دەکرێنەوە. ئەو تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگایەکی کراوە پێویستی پێیانە، خەمخۆری بە چاکەی گشتی، هاستگیری، متمانە و خۆ فیداکاری گاڵتەیان پێدەکرێت. واسیر دەکرێن ئەم ئاکارانە زیانبەخشن بە مانەوە لە کۆمەڵگیەکی نەخش. کاتێک کۆمەڵگایەک، وەک ئەفلاتون دەگوتوە، چاکەی گشتی بەجێدەهێڵێت، هەمیشە ئارەزووی بێئەخلاقی، توندوتیژی، چاوچنۆکی و بکارهێنانی سێکسی ئازاد دەکات

و بیرکردنەوەی سیحراوی پەروەردەکات، کە ناونیشانی پەرتووکەکەمە، ئیمپراتۆریەتی خەیاڵ: کەتایی خوێندنەوە و سەرکەوتنی نمایش.
تەنها شتێک ئێمە جۆرە مردووانە باش دەیکەن نمایشە. وێک نمایشە سەربازێکی ترامپ لە ١٤ی حوزەیراندا لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا کە تێچووەکەی ٤٠ ملیۆن دۆلارە. خەڵکی نەگبەتیش بەم کارەوە سەرگەرم دەکەن. ئەمریکا وەک دیزنی دروستکردن، خاکی بیرکردنەوەی هەتاهەتایی دەخڵش و هەڵوەستی ئارەزنی، خاکێک کە هەموو شتێکی تێدا دەکرێت، بەکار دەهێنرێت بۆ شاردنەوەی دەندایەتی قەیرانی ئابووری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی. دانیشتوان لەلایەن کلتووری کۆمەڵایەتییەوە مەشق دەکرێن، بۆ کاڵاکردنی سێکس، سەرگەرمی بەمانا و بۆعەقڵ و وێنەکردنی گرافیکی تۆندوتیژی زاڵە، خەیان تاوانبار بکەن بۆ شکست. سۆرن کیرکەگارد-Soren Kierkegaard -، لەکتێبی "لەسەردەمی ئێستا"دا، ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەوڵەتی سەردەم هەوەدەدات ویژدان ڕیشەکێش بکات و تاکەکان بشێوێک بگۆڕێت بۆ خزمەتکەکی نەرم و دەسبەسەرداگیراو.
ئەم خزمەتکارانە ئاستەقینەنین. وێک کیرکەگارد دەنووسێت، "ئێبستراکتکی ئۆفوسوناوی، شتێکی گشتگیر کە هیچ نییە، دیمەنێکی خەیاڵین." بە کورتی، ئەمە بڕشێک دەبین لە مۆگڵ، تاکەکانی ناڕاستەقینە کە هەرگیز نین و هەرگیز ناتوانن یەکبگرنەوە لە دەخکی ڕاستەقینە یان ڕەکخراوەکدا، لەگەڵ ئەوەشدا وێک تەواوێک پێکەوە گیراون. ئەوانەی گومان لە خزمەتکەکی دەکەن، ئەوانەی گەندەڵی چینی فەرمانڕەوا مەحکووم دەکەن وێک خەونبین، نامە یان خایین دەردەکرێن. بەڵام تەنها ئەوان، بەپێی پێناسەی یۆنانی polis، دەتوانن وێک هاوڵاتی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. تۆماس پەین-Thomas Paine- دەنووسێت حکومەتێکی دیکتاتۆر کاتوویەک لە کۆمەڵگایەکی گەندەڵدا دروستدەبێت.
ئەم ئەوێیە کە لە کۆمەڵگەکانی ڕابردووداڕوویانداڵ. ئەمە ئەوێیە کە بە ئەمەڕوویدا. هەڵبژێرە گەڕەزگاری خەمان ببەستینەوە بە لاوەنانی ترامپ بمانگەیەنێتەوە بە کۆمەڵگەیەکی تەندروست. کلێری و گەندەڵی هەموو دامەزراوە دیموکراتیەکانمانی وێران کردووە، کە بە شێوە کار دەکەن، نەک بە ناوەڕۆک. ڕۆژامەندی فەرمانبەرەکان گاڵتەجاڕێکی دەندانێیە. کۆنگرێس کۆمەڵکن لە ملیاردەرەکان و کۆمپانیاکانەوە دەستکەوت وەردەگرن. دادگاکان پاشکۆی کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکانن. میدیا دەنگدانەوەی نوخبەکانە، هەندێکیان حزبیان لە ترامپ نییە، بەڵام هیچیان پشتگیری چارەسەری کۆمەڵایەتی و سیاسی ناکەن کە دەتوانن ڕزگارمان بکەن لە دیکتاتۆری. کارەکان

هەمووی پەیوەندە بە جوانکردنی دیکتاتۆرەوە، نەک دیکتاتۆری خۆی. مێژوونووس ئامۆزی مەکمولن- Ramsay MacMullen-، لە "گۆندەڵی و تەکشکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما"دا، دەنووسێت ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی وەران کرد لادانی هێزی حکومەت، ڕەگریکردن بوو لە دەرخستنی هێزکانی. دەسەڵاتداریی بوو بە بەدەوڵەمەندکردنی بژێوەندی تایبەت. ئەم لادانە حکومەت بەهێز دەکات، لایەنیکەم وەک دامەزراوەیەک کە بتوانێت پەداویستیەکانی هاوڵاتیان دابین بکات و مافەکانیان بپارێزێت.
حکومەتمان، بەم مانایە، بەهێز. ئامرێکە لە دەستی کەمپانیاکان، بانکەکان، پیشەسازی جەنگ، و ئەلیگارشەکان. خۆی دەخوات بە ئەوەی سامان بڕەو سڕەوە بنڕێت.
ئیدوارد گیبۆن- Edward Gibbon- دەنووسێت "تەکشکانی ڕۆما دەرئەنجامی سەروشتی و فراوانبوونی لە ئادەبەدەر بوو، گەشەکردنەکانی بنەماکانی ڕوخانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. لەگەڵ نەمانی هەکارەکانی بڕەوپێشچونی چ وەک واقیع یان سودفە قورسی بارگورەکەی خودی خۆی بوبە هۆی وەرانبونی. لە جیاتی ئەوەی پرسیار لە چیرەکی ڕوخانەکەی بکەین باشترە سەرمان لەوە سوبمێنێت چۆن ئەم هەموو کاتە ماوەتەوە. "
ئیمپراتۆری ڕۆمانی کەمەدەس، وەک ترامپ، سەرخۆش بوو بە لەخۆبایی خۆی. فەرمانیدا بە دروستکردنی پەیکەر بە خۆی وەک هەرکولەس و زەریش گوێی بە فەرمانڕەوایەتی نەدەدا. خۆی وەک ئێستێرەی مەیدان دەزانی، شێوەی گلادیاتۆری ڕەکدەخست کە تێیدا تاجی سەرکەوتنی لەسەر دادەنرا و شەڕکانی بە تیر و کەوان دەکوشت. ئیمپراتۆریەتەکەی ڕۆمای ناونا کۆلۆنیا کەمەدیانا، کۆلۆنیاکراوی کەمەدەس، ئامرازێک بۆ تێرکردنی نارسیسیزمی بکۆتایی لە ئارەزووی سامان. پێستە حکومییەکانی دەفرۆشت بەو شێوەیەی ترامپ لەخشبوون و چاکەدەفرۆشت بەوانەی وەبەرهێنان لە کریپتۆکەرەنسیکانی دەکەن یان بە کەمیتەی ئاهەنگی ئامادەکردن یان بە کتێبخانەی سەرکایەتی بەخشین دەکەن. لە کۆتاییدا، ئاوێزکارەکانی ئیمپراتۆر لە پلانێکدا بەدەستی پاڕوانێکی زەرانبازی ئیمپراتۆر لە حەماەکێیدا خنکێنرا، بەڵام کوشتنەکەی هیچی نەکرد لە ڕەگریکردن لە ڕوخان. کەمەدەس جەگەکەی پەکرایەوە لەلایەن ریفەرمخواز پەرتیناکسەوە کە سێ مانگ دواتر ئەویش کوژرا.
پاسەوانە پریتۆریەکان پشکی ئیمپراتۆریان لە مزایدەدا فرۆشت. ئیمپراتۆری دواتر، دیدیەس جولیانەس، ٦٦ ڕۆژی خایاند. پێنج ئیمپراتۆر لە ساڵی ١٩٣ زایینەدا هاتنە سەردەسەڵات، واتە ساڵێک دوای کوشتنی کەمەدەس.
بەهەمان دەخە شێوازەکەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما کەماری ئەمەش

مردووە. مافە یاساییەکانمان، ڕێکاری دادپەروەری، هاوجنسگەرا، تایبەتمەندی، ئازادی لە بڕیارەکانمان، هەڵبژاردنی دادپەروەرانە و ناڕەزایەتی لە ڕێگەی بەیاری دادگا و یاسادانانەوە لەمان ستێنراون. ئێم مافانە تەنها وەک ناو هەن. جیاوازی زۆری نێوان بایەخە گوتراوەکانی دیموکراسییە ساختەکەمان و ڕاستی واتا، وایە کە قسەکردنی سیاسیمان، ئاو وشانەی بڕیارنداەکانین بە ناساندنی خەمان و سیستەمی سیاسیمان، گەمژەن.
والتەر بنیامین لە ساڵی ١٩٤٠دا، لە کاتی هەڵکشانی فاشیزمی ئەوروپا و نزیکبوونەوەی جەنگی جیهانی نووسیتی:، "تابلۆیەکی قوە بە ناوی ئەنجەلەس نۆڤۆس فریشتەیەک پیشاندەدات کە وا دیارە خەریکە لە شتێک دوور بکەوێتەوە کە بە تووندی سەیری دەکات. چاوەکانی بە تیژی تەماشا دەکەن، دەمی کراوەتەوە، باڵەکانی بڕاوکراونەتەوە. ئاوا کەسێک وێنەی فریشتەی مێژوو دەکێشێت. ڕووی لە ڕابردو کردووە. لەو شوێنەی ئێمە زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان دەبینین، ئەو تەنها یەک کارەسات دەبینێت کە بەردەوام پاشماوە لەسەر پاشماوە کەدەکاتەوە و لەبەردەم پێیەکانی فڕێیدەدات."
فریشتەکە دەیەوێت بمێنێتەوە، مردووەکان بئاگابهێنێتەوە و ئەوەی شکاوە چاکیان بکاتەوە. بەڵام ڕەشەبایەک لە بەهەشتەوە هەڵدەکات. بە تووندوتیژییەکی ئاوا لە باڵەکانی دەدات کە فریشتەکە ئیتر ناتوانێت خۆیرابگرێت. ڕەشەباکە بەزەر ڕایدەماڵێت بەرەو ئایندەیەک کە پشتی لێکردووە لەکاتێکدا کە کۆمەڵە پاشماوەکان لە بەردەمیدا بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە. ئێم ڕەشەبایە ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین پێشکەوتن."

تێکچوونمان، نەزانینمان و پاشکۆی کۆمپانیاتیمان لە ڕاستی دوور و درێژخایەن بوو. بە فیڕۆچونی بەردەوامی مافەکانمان، بە تایبەتی مافەکانمان وەک دەنگدەران، گەیانی ئامرازەکانی دەوڵەت بە ئامرازی بڕیارنداەکان، خراپبوونی ژیانی کرێکاران و چینی ناوەڕاست، ئەو درێژبوونەی میدیاکانمانی داگیرکردووە، خراپکردنی پڕوردەی گشتی، جەنگی بۆئامانج و بەسوودەکان، قەرزی گشتیی سەرسوڕهێنەر، ڕووخانی ژێرخانە فیزیکیەکانمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی کەتایی هەموو ئیمپراتۆرییەتییەکانن. ترامپ بڕیارنداەکانی ئاگرەکانی سەرگەرمان دەکات لەکاتێکدا ئێمە دەکەوین.

سەرچاوە:

یاسا دوا کەوتەی تراژیدیای ئەدەبی لاتینی.. ئاکۆ عەبدوڵا

لەڕۆژی 13ی نیسانی ئەم ساڵی ماریۆ ڤارگاس یۆسای گەورە نووسەری پیرۆیی لەشاری لیما کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لەو جۆرە نووسەرانەبوو کە ژیانی سەرچلیانە و پڕ لە هەڵدێر و تەنگەسات هەڵدەبژێرن. لەتەك ئۆکتاڤۆ پاز و خولیۆ کورتازار و خۆرخی لویس بۆرخیس و گابرییل گارسیا مارکیز و کارلۆس فوینتیس، و خوان رولفۆ کۆمەگەیەکی دیکەی پتەو و کاریگەری ئەدەبی ئەمەریکای لاتینی بوو، بۆتایبەتی نووسەرانی ڕۆتی بوم. نازناوی بۆلزاکی ئۆو کیشوەڕی پێدراوە. ناوبراو لەسەرەتاوە وەهای لەنووسین دەوانی، هەما و هەکاری کاریگەرە بۆ ڕووبەووبوونەوەی ستەم و چەوساندنەوە. لەو ساوەش بەهەمان تووەیی سەردەمی دەستبەسەرداگرتن، نەك تەنیا لەوەاتەکەی خۆی بۆکو لەزەر بشی کیشوەرەکۆ هەوڵی پەردە هەماڵین لەسەر گەندەڵیەکان و بەدیارخستنی دیاردە نابەجێیەکانی داوە، بۆیە ماوەیەکی درێژ سەرچلییانە و لەدەرەوەی وڵاتەکەی ژیا.

خۆرخی ماریۆ پیدەر ڤارگاس یۆسا ناسراو بەماریۆ ڤارگاس یۆسا Mario Vargas Llosa ڕۆژی 28 ی مارسی ساڵی 1936 لەشاری ئاریکۆیپای پیرۆ هاتە دنیا. ئەوسا باوکی سەری هەڵگرتبوو و لەدایکی جیاببۆوە، بۆیە یۆسا لەگەڵ دایکی لەماڵی باپیری دەژیا. هۆندێ پێنەچوو لەبەر ئەوەی باپیریشی لەکۆمپانیایەك کاری دەکرد کە تایبەت بوو بەچاندنی لۆکۆ، کۆمپانیاکەش رایسپارد بەرەو وڵاتی پلیقیا بچێت تاکو لەو وڵاتەش ئەزموونی لۆکە چاندن بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات، بۆیە یۆسا لەگەڵ دایك و ئەندامانی دیکەی خێزان، بەرەو ئەو وڵاتە چوو. ئەم جگۆ لەوەی هۆیەك لەهۆیەکانی چوونی دایکی لەگەڵ باپیری بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوە دگەڕێتەوە، ئەوسا دایکی زۆری پێناخۆش بوو وەك ژنێکی تەڵاقدراو لەناو خەڵکانی دەوروبەر دەربکەوێ. بەو جۆرە تا ساڵی 1946 لەوێدا مانەوە. دواتر گەڕانەوە وڵات. پاشان بۆ یەکەم جار یۆسا بەدیداری باوکی گۆیشت کە تا ئەوسا وایزانی بوو مردیبە. دواتر لەشاری لیمای پایتەخت درێژەی بەخوێندندا و لەتەك خوێندیش زۆر شەیدای خوێندنەوەی ڕۆمانە سەرچلیەکانی نووسەرە ئیتاڵی و فەرەنسییەکان بوو. ئەوسا ئەدەب لای ئەو هۆمای

هەگەڵانەوە بوو لەدەسەڵات. ئەمەو لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆکانەی بەلایەوە کاریگەربوون حەزی نەدەکرد کۆتاییان بێت، بۆیە وەك پاشبەند لای خۆی بۆی زیاد دەکردن. دواتر باوکی بەزۆر نارديیە قوتابخانەی سەربازی، (لینشیو برادۆ) ی شاری لیما، بەو بۆوایەی سیستەمی نوێ وەهای لێدەکات پێبگات، کەچی ئەو بەناچاری ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر. هاوکات وەك شێت و یاخی کەوتە سەر خوێندنەوە. لەنووسینیش نزیکبۆوە. ئۆوسا کورتە چیرۆك و شیعری دەنووسی. دواتر باوکی چووە ئەمەریکا و جارێکی دیکە لێی دوورکەوتەوە. سەبارەت بەباوکی، یەسا وتبووی : "خۆشم نەدەویست بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەرزاری ئەوم. ئەو وەهای لێکردم ئازادبم. وەهای لێکردم ڕقم لەهەموو جۆرە پاڵەپەستێیەك و باڵادەستییەك بێتەوە، ئەو نەبا نەدەبووم بەو نووسەرە"
کاتێك قوتابی ساڵی دووەمی ئەکادیمیای سەربازی بوو، کەوتە ژێر کاریگەری شاکارەکەی (بێنەوایان) ی ڤیکتۆر هۆگۆ. ئۆوسا یەکەم دەقی شانۆیی بناوی (هواتنی ئینکاکان La huida del Inca)ی داڕشت و لەسەر شانۆ پێشکەشی کرد. هاوکات بۆ گۆڤارێکیش دەینووسی. دواتر لەزانکۆ، مافی خوێند. هەر ئەوساش دەرکی بەوەکرد هەرگیز نابێتە پارێزەر چونکە بۆوای بەو کارە نەبوو. دواتر بۆ ماوەیەك بووە مامۆستا. ئینجا لەئیسپانیا مینحەی خوێندنی پێدرا و چووە مەدرید و لەوێشدا ساڵی 1959 چووە پاریس. لەو شارە کەوتە ژێر کاریگەری کتێبی مەدام بۆڤاری فلۆبێر کە بە لای ئەو، ئەو ڕۆمانە سەرچاوەی ڕەخنەگرتنی جیهان و کۆمەڵگەیە. لەژێر کاریگەریشی بۆیاریدا ببێتە نووسەر. دواتر بەرهەمەکانی دیکەی فلۆبێری خوێندەوە و زۆر پێوەی کاریگەر بوو. ئەوسا وەك گەنجێکی جێشدار، بەوپەڕی گرنگییەوە چاودێری جەنگە هزرییە سەختەکەی نێوان سارتەر و کامۆی دەکرد کە لەبارەی زۆر دۆزی گرنگی پێوەندیدار بەفەلسەفە و مۆژوو و سیاسەتی قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ڕوویدەدا. بۆیە هاوکێکانی نازناوی (سارتەری ئازای بچوك) یان پێدا. هاوکات لەبواری ڕۆژنامەگەری کاری کرد. سەرەتا لە (رادیۆی فەرەنسای نێودەوڵەتی) کە پڕۆگرامەکانی ئەو رادیۆیە ئاڕاستەی وڵاتانی ئەمەریکای باشوور دەکرا. بەهۆی ئەو کارەش توانی ئاشنای لایەن و نهێنییەکانی کلتووری فەرەنسی بێت. ئینجا لەکخراوی یۆنسکۆ بووە وەرگێڕ. دواتر چووە شاری لەندەن و لەوێشەوە بۆ شاری بەرشلۆنە چووە. لەوێشدا ماوەیەك وەك مامۆستای زمانی ئیسپانی و پەیامنێر و ڕۆژنامەنووس کاری کرد. بەڵای ئەو هاوشێوەی ڕوانینی نێتچە، تاراوگە واتای ئازادی دەگەیاند. بۆتایبەتیش چونکە یارمەتی دا بۆ نووسین و خوێندنەوە. ئێوەش وەك جوانترین دیاری بوو لەژیاندا پێیدرابێ.

ساڵی 1963 یەکەم ڕۆمانی بۆناوی (شارەکە و سەگەکان La ciudad y los perros) بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمە وەك ڕەخنەی قورس وابوو کە ئاراستەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەربازی وڵاتەکەی کردبوو. ئەو ڕژێمەی ببووە مایەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی. تێیدا یەسا بەوردی باسی ئەو ئازار و ناخۆشیانەی کردووە کە لەکاتی لاوی لە ئەکادیمیای سەربازی چێژتی. هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە چۆن دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی هەندێك ئەفسەر لەدامەزراوە نهێنییەکانی داگیرکەران دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندی زلهێزەکان، کودەتای سەربازی ئەنجام بدەن. لەشوێنکی ئەو بەرهەمەی نووسیویەتی (سەرکەکان یەکەم کەسن ناپاکی لەوڵاتدا بکەن). ئەوسا لەچاپە ئیسپانییەکەی ئەو ڕمانە، هەندێك شت لابردرابوو. لەوڵاتی خۆشی دەسەڵاتی فەرمانەوا کاردانەوەی خراپی لەئاستی نیشاندا. وێك ناڕازایش ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕمانەی لەگەڵەپانکی گشتی سوتاند و یەساشی بەنکەری وڵاتی ئیکوادۆر تۆمەتبار کرد. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو ڕمانە ناوبانگی یەسا بڵاوبوەوە و خەڵاتکانی بیبلیوتیکا بریڤی و ڕەخنەگرانی ئیسپانی بەدەستهێنا.

ساڵی 1966 ڕمانی (خانووە سەوزەکە La casa verde) ی بڵاوکردەوە کە تێیدا تەکنیکی هونەری فۆکنەری (کە لەناوی ویلیام فۆکنەری ڕماننووسی ئەمەریکی هاتووە)، بە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو کەسانەی لەماڵێکی داخراوی ناو جەنگەڵەکانی پیرۆی کەمەرەیی بەیەکدەگەن، بەکارهێناوە. واتا بۆناویەکداچوونی رابردوو و ئێستا لەکەمەڵێك چیرۆکی ناو یەك بۆتەدا. پاڵەوانە سەرکییەکەی پۆنیفیشیای ناوە لای کەمەڵێك کچی ڕاهیبەی موژدەبەخش پێگەیشتووە کە دواتر هیندییە سووڕەکانی ناو دارستانەکان دەستگیری دەکەن. بەهۆی ئەو ڕمانە خەڵاتی (ڕۆمۆ گالیگۆس) ی نۆودەوەتی بۆ ئاداب پێبەخشرا. ساڵی 1969 ڕمانی (دیالۆگ لەکاتدرایی Conversación en la catedral) ی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەشیدا لەڕێگەی کەسایەتی کۆی وەزیر و شوفێرێك، لەمانێل ئەدریای دیکتاتۆری بیرۆقی نزیکبۆتەوە. هەروەها پیاوانی ئایینیشی ئاگادارکردۆتەوە لەسەرخستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا.

ساڵی 1971 تۆزی دکتۆرای بۆناوی (گارسیا مارکیز و چیرۆکی بۆیاردان García Márquez: historia de un deicidio) پێشکەش کرد. دواتر وەك مامۆستای مۆوان لەکەمەڵێك زانکۆی ئەوروپی و ئەمەریکی وانەی وتەوە. بەو جۆرە ساڵانێکی درێژ لەنۆوان وڵاتانی ئەوروپا لەهاتوچۆدابوو. ساڵی 1973 ڕمانی (پانتالیۆن و سەردانیکەران Pantaleón y las visitadoras) و ساڵی 1977 ڕمانی (پلە جۆلیا و نووسەر La tía Julia y el escribidor) و ساڵی 1981 شانۆگەری

(خانمی تاکنا La señorita de Tacna) و رۆمانی (جەنگی کۆتایی جیهان La guerra del fin del mundo) ی بڵاوکردۆوە. لەو رۆمانەی دوایدا رووداوەکانی جەنگی کاندس، جەنگی ناوخۆی وڵاتی بەرازیلی لەکۆتایی سەدەی نۆزدە خستۆتەووە. ئەو رۆمانە کاریگەری زۆری هەبوو لەبڵاوکردنەوەی ناوبانگی یۆسا بەجیهاندا و دواتریش گەیشتن بەخەڵاتی نۆبڵ. لای خۆشی یۆسا بەباشترین بەرهەمی داناوە.
دواتر لەسیاسەت نزیکبۆوە، بەجۆرێك هەوێدا ئەدەب بەرێتە ناو سیاسەت. ساڵی 1983 شانۆگەری (Kathie y el hipopótamo) و ساڵی دواتریش رۆمانی (چیرۆکی مایتا Historia de Mayta) ی بڵاوکردۆوە. ئەو رۆمانەشی، بەهۆی ئەو گۆڕانە هزرییەی ئۆوسا بەسەریدا داهاتبوو، بووە مایەی گفتوگۆی سەخت، نەك تەنیا لەئەمەریکای باشوور بەڵکو لەزۆر شوێنی جیهاندا. تێیدا یۆسا باسی لەژیانامەی مایتا کردووە کە گەنجێکە ژیانی بۆهاریکاری کردن لەگەڵ هەژاران دەستپێدەکات. کە هەژاری وڵها هەیە لەبەر ئەوەی ناتوانن خواردن بەدەستبهێنن، چەندان رۆژ بەرۆژوو دەبن، بەڵام دوای ناسینی یەك لەتروتسکییەکان، مایتا رۆچکەیەکی سیاسی چەپڕەوانە دەگرێتەبەر. ساڵی 1986 شانۆگەری (La Chunga) و رۆمانی (کێ پاڵەوانی مۆلۆڕی کوشتووە؟ ¿Quién mató a Palomino Molero) و ساڵی دواتریش رۆمانی (چیرۆکبڕ El hablador) و ساڵی 1988 رۆمانی (ستایشی باوەژن Elogio de la madrastra) ی بڵاوکردۆوە. ئەو رۆمانەی دوایی چیرۆکێکی ئیرۆسییە. چیرۆکێکی خۆشەویستیانەی نامۆی مۆحرەمانەی نێوان کوڕێك و زۆدایکەکەیتی. کارێکە تەواو جیاوازە لەبەرهەمەکانی پێشوی.
ساڵی 1990 کە وڵاتی پیرۆ لەناو گەندەڵی و خراپی باری ئابووری دەیناڵاند. یۆسا خۆی کاندید کرد بۆ سەرۆکایەتی وڵاتەکەی، بەڵام لەبەرامبەر (ئەلبیرتۆ فۆجیمۆری) شکستیهێنا. ساڵی 1993 وڵاتی ئیسپانیا رەگەزنامەی پێدا. هاوکات شانۆگەری (شێتی هێوانەکان El loco de los balcones) و کتێبی (ماسی لەناو ئاودا El pez en el agua) و رۆمانی (مردن لەئەندز Lituma en los Andes) ی بڵاوکردۆوە. بەهۆی رۆمانەکە خەڵاتی پرۆمێ پلانیتای پێبەخشرا. شایانی باسە کتێبی ماسی لەناو ئاودا، یاداشتنامەیە لەدوو بەش پێکهاتووە. یەکەمیان لێبارەی منداڵی و گەنجی خۆی و دووەمیشیان لێبارەی هەمەتەکانی هەبژاردنە. ئەو هەڵوێستانەی تێیدا سەرنەکەوت. ساڵی 1997 رۆمانی (دەفتەرەکانی دۆن ریگۆبێرتۆ Los cuadernos de don Rigoberto) ی بڵاوکردۆوە. تێیدا لەهەڵگەی نیگارکێشێك کە شەیدای بەرجەستەکردنی جەستەیە بۆ ماددە هونەرییەکانی، باسی لەجەستە کردووە. ساڵی2000 رۆمانی (ئاهەنگی

بـــزن La fiesta del chivo) ی بـــاوکردوە. ئەو ڕۆمـــانە یەکێکە لەو ماندە دیارەکانی جۆری (دیکتاتۆری). تێیدا باسی لەژیانی سیاسی ناو کۆماری دۆمەنیکان و تاوان و ریسواییەکانی رژێمی دیکتاتۆری رافایل لیونیداس تروخیلۆی کردووە کە ناوبراو لەنێوان ساڵانی1930 تا1960 بەئاگر و ئاسن حوکمی ئەو وڵاتەی کرد. کەسایەتییەکانی ناو ئەو ڕۆمانە، خوێنەر بەزۆر بەرەو دۆزەخە سەختەکەی ئەو وڵاتە دەبەن.
El paraíso en la ساڵی 2003 ڕۆمانی (بەهەشت لەگۆشەیەکی دیکەدا otra esquina) ی بەاوکردەوە. لەو بەرهەمەشدا ژیانی پڵ گەگانی نیگارکێشی فەرەنسی و فلۆرا تریسانی داپیڕی تاوتێ کردووە. ڕووداوەکانی لەشاری پاریسی سەدەی نۆزدەم و لەدوورگەیەکی چڵەوانی زەریای ئارامدایە. دواتر لەبارەی ئەو گەشتەی بۆ وڵاتی عێراق کردبووی، کتێبێکی گەیدەیی بەناوی (ڕۆژەکانی ناو عێراق Diario de Irak) و ساڵی 2006 ڕۆمانی (ئەهریمەنەکانی کچکی خراپ Travesuras de la niña mala) ی بەاوکردەوە. لەو بەرهەمەی دوایی کە ڕووبەری جوگرافی ناوی زۆر فراوانە، لەئەمریکای لاتینییەوە بۆرۆ پاریس و لەندەن و تەکیە و مەدرید کشاوە. سۆزداری خۆی بۆ گەستاق فلۆبێر و کاریگەربوونی پێیەوە دەبینین. ئەو نووسەرە مەزنەی فڕە کڵێنەدانی کـــرد. بەرهەمەکە نـــاوەرۆکێکی وروژێنەر و کـــاریگەرانەشی هەیە. لەبـــارەی چیرۆکێکـــی خۆشەویســـتی نـــاوازە و پڕ ســـەرچلی و گـــڕانە. لەپاڵیشـیـدا بـارودۆخی سیاسـی وڵـاتەکەی و بەشـێـك لەکیشـوەرەکەی لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو خستەڕوو. پاڵەوانەکەی کوێکە ناوی ریکاردۆیە، کاتێك چاوی بەکچێك دەکەوێت، شێدای دەبێت. پاش ساڵانێکی درێژ لەشاری پاریس بەرچاوی دەکەوێتەوە و جارێکی دیکە کچەکە کە ئۆوسا ناوی خۆی گـڕیبـوو، بەسـەرنجە ئەفسوناوییەکانی شێـدای دەکـاتەوە. پـاش ساڵـانێکی دیکە ئەو جـارەش کە ژنـی دیپلۆماسێکی دیاربوو, ناوەکەشی گـڕیبوو، بەووانینە شیرینەکانی گیردەی دەکاتەوە. دواتر لەشاری لەندەن پێکدەگەنەوە. ئەو جارەش بەناوی مەدام ریشارد سەنی دەوڵەمەند، شێدای دەکاتەوە. دواتر بەهەمـان جۆر لەشـاری تەکیە بەیەکتـری دەگەن. هەرجـارەش ریکـاردۆ ناخۆشی و زەحمەتی زۆر دەچێژێ. ساڵی دواتر شانۆگەری (ئۆدیسێ و پینیلۆپ Odiseo y Penélope) و ساڵی 2008 شانۆگەری (لەسەر ڕووباری تایمز Al pie del Támesis) و ساڵی دواتریش شانۆگەری (هەزار و یەك شەو Las mil noches y una noche) و ســـاڵی 2010 ڕۆمـــانی (خەونـــی سەلتا El sueño del celta) ی بەاوکردەوە. لەو ڕۆمانەدا کەسایەتی ڕەجیبە کازومانی خستەتە بەردیدە. ئەو کەسەی کاتی خۆی ئاگاداری جێزەف کۆنرادی نووسەری کرد تا بەرەو کۆنگۆ بچێت. هەروەها تێیدا

یەسا چیرۆکی راستەقینەی لادێیەکی خستەتووە کە لۆلایەن دۆزەرەوە ئینگلیزەکان لەخشتەدەبردرێ و دۆچێتە ئەفریقا. بەو بۆوایەی داگیرکەر ئامرازی مەدەنیەت و شارستانیەتییە، کەچی لەوێدا دەبینێ ئەوروپییەکان بونەتە دڕندە. لێو شاکارێدا یەسا بەرەو قووڵایی دڵە تاریکەکانی ناو وڵاتی کۆنگۆی بەلژیکی چووە.
هەر لەو ساڵێدا کاتێك لەزانکۆی (بریستۆنی) ی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وانەی دەوتەوە، ئاگادار کراوێ ئەکادیمیای سویدی رایگەیاندووێ خەڵاتی نۆبڵی پێدرات. ئەوسا ئەکادیمیای ناوبراو هۆکاری بەسەرکردنەوەی بۆ ئەوە گەیاندەوە (یەسا زۆر بەوردی وێنەی بەرگریکردن و راپەڕین و شکستی لەناو تاکدا کۆشاوە. ئەو نووسەرێکی جیاوازە. یەکێکە لەمەزنترین ئەدیبانی ئەو وڵاتانەی بەزمانی ئیسپانی دەئاخڤن. هەروەها چیرۆکبێژێکی بەهرەمەند و توانادارە لەجولاندنی هەست و سۆزی خوێنەر). لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەش یەسا وتارێکی خوێندەوە کە دواتر لێدوو تێی کتێبێك بۆاویکردەوە.
ساڵی 2012 کتێبی (شارستانی نمایشی La civilización del espectáculo) بۆاوکردەوە. ئەو بەرهەمەشی لەناوەندە کۆلتووریەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی گفتوگۆی چێی لێکەوتەوە. لەناویدا وێنەی واقیعی مرۆڤی ڕۆشنبیری بەرەو ئاژاوە چووە کۆشاوێ. بۆپاساوی ئاوێی زەمەن هەمان ئەو زەمەنەی پێشوی ڕۆشنبیران نییە، بەڵکو بۆتە زەمەنی نمایش و گومڕایی. شێوشی گەیاندن و جیهانگەری، کۆ جیهان بەرەو داڕمانی ڕۆشنبیری دەبات. شایانی باسێ یەسا لەو کارەی و چەندان کاری دیکەی ئەدەبیدا، هاوشێوەی جۆرج ستاینەری ئەمەریکی، دەڕاوکانێ بیری لێڕۆشنبیری و ئایندەی شارستانی کردۆتوە. ساڵی دواتر ڕۆمانی (پاڵەوانی وریا El héroe discreto) ی بۆاوکردوە. ناوەرۆکی ئەو بۆرهەمێ لەنێوان کۆمیدی و میلۆدرامایە. تێیدا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، بەتایبەتی شاری بیوای خۆشەویست کە سەردەمی منداڵی تێدا بەسەربرد. هەروەها گەڕاوەتەوە شاری لیمای پایتەخت کە ئەو دوو شارەی لەڕۆمانەکانی پێشودا زۆر بەکارهێناون. بەڵام لەو بەرهەمەدا پیرێ بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ جیا لەڕۆمانەکانی پێشو. وڵاتێکی گەش و خاوێن ئابووریەکی باش و نوێیە. لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی گرفت و تاوانی نوێشی بۆ زیادبووە کە پێشتر لەکارەکانی نووسەردا نەبوون. تێیدا یەسا دوو چیرۆکی تەریب بەیەکتری دوو کەسی پێشکەش کردووێ کە پێکهاتەی سەرەکیین لەگرێی گەشەکردنی دەنگهەڵبژێنی میلۆدرامییەکی چێژبەخش و لەناکاوی. لەگەڵ چەندان واقیعی دیکەی سەخت و غەمبارانە کە کاریگەری لەهەر دوو کارەکتەرەێ سەرەکییەکە دەکەن. کەسایەتی

وەهاشی تێدا دەردەکەوێ کە پێشتر یەسا بەکاری هێناون. ساڵی 2016 ڕۆمانی (پێنج گۆشە Cinco esquinas) و ساڵی 2019 ڕۆمانی (ساتە سەختەکان Tiempos recios) و کۆ چیرۆکی (پیاوە ڕەشپۆشەکە El hombre de negro) و ساڵی 2023 ڕۆمانی (بەدەنگی خەم بۆ ئێوە تەرخان دەکەم Le dedico mi silencio) ی بڵاوکردۆوە.
شایانی باسە جگە لەو بڕەمانەی ئاماژەمان پێدان، یەسا کۆمەڵێک کتێبی دیکەی جۆراوجۆری لە ئەنوان چیرۆک و تۆژینەوە و ڕەخنە و بڕەمی تایبەت بەمندالان و وتاری سیاسی و ڕۆژنامەوانی بڵاوکردۆتەوە. لەناو تۆژینەوەکانی چەندان بیرۆکە و تێبینی لەبارەی چەمکی خۆی بۆ هونەری نووسین و ئەدەب بەگشتی داڕێژتووە. وەک لەشوێنکدا دەڵێت : "هەتا ئەگەر نووسەر ئاگاداریش نەبێت.، ئەدەب کارێکە دژی خۆبەدەستەوەدان. بەواتای سیاسی نا، بەڵکو بەواتایەک کە پێچەوانەی ژیان و مۆژووبێت. ئەگەر نووسەر جیهانکیشی داهێنا، واتای ئەوەیە جیهان وەک ئەوەی هەیە لای ئەو بەس نییە. شتێکی شڕشگێڕیش لەماندا هەیە، ئارەزووکردنی گەیشتن بەو شتانەمان پێدەبەخشێ کە لەجیهانی واقیعدا بوونیان نییە. کاتێکیش مرۆڤ لەخوێندنەوەی کتێبێکی مەزن دەبێتەوە، دەتوانێ هەست بەدژبەیەکەکان و شتە پەژمردەکانی ناو واقیعی دەوروبەری بکات و دەستییان لێبدات. بۆیە ڕۆمان سەرچاوەی هەموو ئەو ڕەخنانەیە کە ئاراستەی جیهان و کۆمەڵگە دەکرێت. ئەگەر نا، لەبەرچی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هەموو رژێمە دیکتاتۆرییەکان لەهونەر دەترسێن. لەبەرچی یاسای قەدەغەکردن و چاودێریکردنیان داناوە و دایدەنێن".
سەبارەت بە ئەرکی نووسەریش یەسا وتویەتی : "نووسەر هەمان ئەرکی هاونیشتمانی هەیە. لەسەریەتی بەشداری لەژیانی گشتیدا بکات. چارەسەری ئەخلاقی ڕاستیش لەوەدانییە، نووسەر وانیشانبدات (سیاسەت قێزەوەنە)، بۆیە پێویستە لێی دوورکەوێتەوە و تەنیا جیهانە تایبەتییەکەی خۆی لا بەس بێت. ئەو جۆرە هەڵوێستانە ڕەتکراوەن و بۆیاری سەرەخەری و نابەرپرسیارانەیە. بۆیە من لەڕۆژنامە دەنووسم، چونکە ئەمە وەها دەکات پێوەندی بەردەوامی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆم لەگەڵ مێژوودا هەبێت. من بەر لەهەموو شتێک ئەدەبم خۆشدەوێت، بەڵام بیرۆکەی دابڕانی نووسەر لەجیهان و مانەوەی لەبوورجە عاجییەکەی خۆی ناخوازم. زۆربەی ڕۆمانەکانم نەدەنووسران ئەگەر کاری ڕۆژنامەوانی و ئەو لێکۆڵینەوانەم نەکردبا کە لەبارەی ژیان و خەڵک و کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانەی سەردانم کردن نەمنوسیبان".
شایانی باسە جگە لەو خەڵاتانەی ئاماژەمان پێدان، یەسا کۆمەڵێک خەڵاتی دیکەی وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی گرینزانی کافور بۆ ڕۆمانی بیانی و خەڵاتی میر ئاستوریاس بۆ ئاداب، خەڵاتی میگیل دی

سەرقانتس, خەاتی بیلایی نەودەوەتی، خەاتی ماریا مورز کابوت، خەاتی فیاریجیی نەودەوەتی، خەاتی کارلەس فوینتیسی نەودەوەتی بە داهێنانی ئەدەبی لەزمانی ئیسپانی، خەاتی کتێبی نیشتیمانی لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خەاتی بارکینیی نەودووەتی بە رەمانی مێژوویی خەاتی لیبەر، ئەمانە و لەکەمەك زانكش دکتەرای فەخری پێبەخشرابوو.

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند جەبار سابیر.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند جەبار سابیر: گرنگیی ئەمە هونەری کاریکاتێر تەنها بە هونەرێکی گاتەجاری تەنگەین
هونەرمەند جەبار سابیر: هەموو کارەکتەرێك بە ئاسانی ناتوانرێت بکرێتە کاریکاتێر
هەڤپیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند (جەبار سابیر قادر لاسی)، یەکێك لەو هونەرمەندانانەی کە شوێن پەنجەی لە نەو هونەری کاریکاتێری کوردستان و عێراق دیارە خاوەنی چەندین پیشانگەی تایبەتی و هاوبەشە لەسەر ئاستی کوردستان ودەرەوەی کوردستان هەروەها خاوەنی چەندین خەاتی نەودووەتییە زۆرێك لە تابلۆکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی نەودووەتی بەاوکراوەتوە چەندین بەوانامەی جیهانی وەرگرتووە بەمبەستی ئاشنابوونی بە کاروچالاکییە هونەرییەکانی بە چەندی پرسیار بەسەرمان کردوە.

*سەرەتا ئەگەر بکرێت باس لە کورتیەك لە ژیانی هونەری خۆت بکەیت،هەنگاوەکانی هونەری کاریکاتێری چۆن دەست پێکرد؟

- سەرەتا بەهرەی وێنەکێشانم هەر لەمندالیەوە سەری هەڵدا دووواتر بە خوێندنەوەم بە گۆڤارەکانی منداڵان و دووواتر

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەنگاوەکانی هونەری کاریکاتێریم دەستی پێکرد وە خوێندنەوەی زۆرم بە رووداوەکانی ڕۆژانە لە هەموو بوارەکان ئەوە بوو کە منیش بتووانم لەو بوارە کار بکەم ، بەڵام تا ساڵانی نەوەتەکان نەمتووانی کارەکانم بڵاو بکەمەوە لە ساڵی 1992 یەکەم کاریکاتێرم بڵاوکردەوە دووا تر لەبەر باری خۆزانیم دووركەتمەوە لە هونەر بگشتی و کاریکاتێریش بە تایبەتی تا ساڵی 2005 توانیم دریژە بەو هونەرە بدەم لە ڕێگای سایتە ئەلکترۆنیەکان و سۆشیال میدیا، وە هەروەها تووانیم لە ڕێگای سۆشیال میدیا کارەکانم بۆجیهان بناسێنم و بۆشداری پێشبرکێ و پێشانگا نێودەوڵەتیەکان بکەم و پلەی باش بدەست بهێنم، وە هەروەها چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی جیهانی کاریکاتێری کارەکانم بۆ دەکانەوە و گرنگی پێدەدەن، وە تا ئێستا حەوت پێشانگای تایبەتیم کردووە لە هەولێر و کۆیە و بەغدا و موسڵ وە بۆشداریم کردووە لە زیاتر لە 180 پێشانگای نێودەوڵەتی و توانیومە زیاتر لە 80 بروانامەی بۆشداربوون و هەروەها چەندین خەلات بدەست بهێنم.

*گرنگی هونەری کاریکاتێری لەچیدایە؟

-گرنگی کاریکاتێر لەوەدایە کە دەتوانێ بزمانی وێنەخەندەیەك بخەیتە سەرلەو، بەڵام خەندەیەکی فکریبە. واتە تەنها خەندە نییە، بەڵکو خوێندنەوەی بە دەکات، ئاگاداری دەکاتەوە، سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت بە شتێك کە هەستیارە. بەتایبەتی لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاوانکانی ڕۆژانەدا کاریکاتێر دەبێتە ئاوێنەی کێشەکانی دەروونی خەڵك. بۆیە ئەو هونەرە یەکێکە لە پێویندیدارترین هونەرەکان بە ئازادی وتار.

*ئەو بابەتانە چین کە دەبنە هونەری کاریکاتێریەکانی تۆ؟

- بابەتەکان زۆرن هەندێکیان بابەتی هەمیشەین وە هەندێکیان بابەتی کێشەی ڕۆژانەی خەڵك:
هەژاری، بێکاری، خراپی خزمەتگوزاریەکان، ڕەخنە لە سیاسەت و حکومەتەکان، ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان، رووداوە جیهانییەکان و پرسە مرۆییەکان، کولتوور و داب و نەریت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و تەنزئامێز .
- ئایا هەموو کەسایەتیەك دەتوانین بە شێوەی کاریکاتێری بیخیتە روو؟

: نەخێر، هەموو کارەکتەرێك بە ئاسانی ناتوانرێت بکرێتە کاریکاتێر، چونکە کارەکتەرەکە دەبێت
تایبەتمەندی ڕووەن و جیاوازیان هەبێت، مانایەکی ڕەمزی یان بڕچاوی هەبێت بە مرۆڤەکان، کردار یان بیرکەیەکت هەبێت کە شایەنی مامەڵەی تەنزئامێز بێت هەروەها هونەرمەند دەتوانێت کارەکتەری خۆی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە یان گاڵتەجارانە بخاتەڕوو.


- زۆرجار لە هونەرمەندان جگە لەوەی لە پیشانگاردا بەرهەمەکانیان نمایش دەکەن لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش نمایش دەکەن لە کوردستان تاچەند گۆڤار و ڕۆژنامەکان گرنگی بەولایانەیان داوە؟
- لە ئێستادا لە کوردستان، گرنگی وەها نیە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و میدیاکان . هەندێك لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە ڕابردوو کەمێك گرنگیان بە کاریکاتێر دەدا گۆڤاری تایبەت هەبوو بە هونەری کاریکاتێر بەناو بەداخەوە ئێو گۆڤارانە ئێستا وەستاوون، بەناو ئەوەی هەیە هونەرمەندەکان خەیان لە سۆشیاڵ میدیا کارەکانیان بڵاو دەکەنەوە کە ڕەنگە دونیای ئەمڕۆ زیاتر بە سۆشیال میدیاوە بەندە کە ئەوەش کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەری هەبێت و لەوانەیە باشتر بێت.
*چۆن دەڕوانیتە بەکارهێنانی کەمپیوتەر لە دروستکردنی بیرکەیەك بۆ شێوەی کاریکاتێری ؟

- بیرکەی کاریکاتێری لای کاریکاتێرست خۆیەتی بەناو بە ئاسانکاری زۆربەی هونەرمەندانی کاریکاتێر لە ئێستادا پێنا دەبەنە بەر بەرنامەکانی کەمپیوتەر بۆ جوانکردن و ڕەنگکردنی کارەکانیان و بۆ ئاسانی و چاپکردن و ناردن بۆ پێشبرکێ و پێشانگا جیهانیەکان و یاخود گۆڤار و ڕۆژنامەکان.
- تایبەتمەندییەکانی هونەری کاریکاتێری چین؟
- تایبەتمەندییەکانی هونەری کاریکاتێر ئەوەیە، وەنەو ڕوخسارەکان زەدەڕییان لە دەکرێ و بەشێوەیەکی تەنز و خەندەوی خەڕا دەگاتە بەر دیدی بینەر و خوێنەر و ئاسانکردنی تێگەیشتن بۆزمانێکی سادە و گاڵتەجاری، وە هەروەها کارامەیی هونەرمەند لە گێاندنی پەیامەکەی.
- هونەری کاریکاتێری لە کوردستان لەچ ئاستێك دایە؟
  - بەداخەوە لە ئێستادا لە ئاستێکی باش نیە ،ئەویش هەکارەکەی بۆ ئەوەیە گرنگی پێ نەدانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و میدیاکان بۆ هونەری کاریکاتێر وە

هەروەها نەبوونی کەمێک بە کاریکاتێرستانی کوردستان کە گرنگی خۆی هەیە بە بڕوپشچوونی کاریکاتێر، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو چەندین هونەرمەندی کاریکاتێری تایبەتی هەن کە کارەکانیان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بڵاودەکەنەوە لە سۆشیال میدیا و ئامادەبوونیان هەیە لە پێشبڕکێ و پێشانگا جیهانیەکان . وە بە بەرزکردنەوەی ئەم بوارە پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانی مەدیا و ڕۆژنامەکانە .

- کامەن ئەو هونەرمەندە کاریکاتێرانە کە کاریگەیان لەسەر تۆ هەبووە؟
  - لە راستیدا من سەرەتا زۆر سەرسام بووم بە کاریکاتێرستانی عێراقی (غازی، موئەیەد نعمە، عەلی مەندەلاوی) کە زۆر کاریگەریان هەبوو، وە بووە سەرەتایەک بۆ هەوەدانم لە بواری کاریکاتێر وە ئەوەی ماوە بیلێم ئەوەیە، گرنگ ئەمە هونەری کاریکاتێر تەنها بە هونەرێکی گاڵتەجاری تێنەگەین، چونکی کاریکاتێرست هەوڵی ئەوە دەدا کە ڕووە شارەوەکانی کار نەرێنیەکان وێنا بکات و نیشانی بینەران و لایەنی پەیوەندیدار بدات بۆ بنبڕکردن و جاکسازی هەمیشەیی کە ئەوش ئەرکی هەمووانە.







پەراوێزی دوازدەمینی تێکست.. نەژاد عزیز سورمێ

خەریکە دونیا لە قەیەمێوی (جیهانایەتی)دا، بەهەموو ڕووە ئاکتیڤ و نێگەتیڤەکانی ڕاگیردەبێ.. پێشهات و گۆڕانکارییە خێراکان دەمانبەنەوە ئەو ئاقارانەی پرسی ناسنامەمان بەبیر دەهێننەوە؛ کە ئایا لەم سەردەمەدا ئێمەی بەکەمەڵك یادەوەری کارەساتاویی گردراو چ دەتوانین بەو ئاست و بارەی خۆمان کە جێی بەخیلی کەس

نییە، لەناو هەڵای جیهانایەتیدا بۆ پاراستنی ناسنامەکەمان بکەین؟

داخۆ لە کۆمەڵگەی دواکەوتوومانداو، نەخشەی چ ستراتیژیەتکمان پێ دەکێشرێ، بتوانین لە ئایندەیەکی زۆر دوورنا؛ لە جۆوەڵیی (مراوحة)دا ئازاد بین و لەو چەقین و تەکئەنوایی بینە دەرێ ، لە پێش هەموو پێویستیانیش چمان لە خەیاڵدایە بۆ لاینە هەرە گرینگەکەی هەستانەوە کە ئەویش (پەروەردە و خوێندنە) بە تەواوی ئەو مانایانەی وەاتێکی وەك(ژاپۆن)ی پێ هەستایەوە، کە لای ئێمە بە داخەوە بە هۆی سپاردنی بەوەی ناو نراوە (کەرتی تایبەت) یا قەتابخانە و زانکۆی ئەهلی شیرازەی تێکشێنراوە..
بۆی کەشوهەوایەك بۆ دەسبژێر و ڕووناکبیران هەبکەوێ دوور لە ناچاربوونی هەڵەگێیی، تاقیکردنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو کلیلی دەرگا داخراوەکانمان نەداتە دەست، کاتێ بەمۆدی کێمەڵك زاراوەی بریقەدار سەرخۆش کرابووین بەادەیەك وای لێهاتبوو باسکردنی قەومایەتی و ناسنامە و تایبەتایەتی خاك و زێد، شتێك بوو وەختێك نزیك ببووە لە عەیبە!!

ئێستاش بەهەمان پێودانگ، بەڕام ئەمجارە بە تەوژمی بۆ ئامانی، سەروبن نادیاری جیهانایەتی)لەگەڵ جیاوازی ئاراستەکان)، لە نەداریمان بۆ یا لە ڕوون نەبوونەوەی، مەودا و ڕەهەندەکانی خەریکە بۆ پەروا و بۆ ئاوێدانەوە لە ڕابردوو و سەیرکردنی ئایندە، وەك لەوە خاترجەم بووبین بۆ کۆ دەچین، بۆ ئەوەی تێشوویەکمان پێ بۆ لەگەڵیدا کەوتووینەڕێ..

ڕاستی پرسی ناسنامە لە جیهانی ئەمڕۆدا کە هێشتا کەلەبەرەکانی ڕووناك نەبوونەتەوە، دەخوازێ بەلەترکزەیی و بەهەستی بەژیان و بەئایندەوەنووسان، بەڕەچاوکردنی مەودا مێژوویی و کێمەڵایەتی و جوگرافییەکانەوە تەماشا بکرێ ئەگەر بمانەوێ زەمینەیەکی پتەو لە چەسپاندن و جێگیرکردنیدا، بەتایبەتی لای نەوەی نوێی بۆ بەڕەخسێنین، وەك خاڵی دەسپێك لە بنیاتنانی قەوارەی سەربەخۆ، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو قەوارەیە وەکو شکۆ و شۆوە لە چ حاڵێکی سیاسی و یاساییدا دەبێ، با گریمان ڕووخساری یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیش بۆ لەگەڵ گەلانی دەرودراوسێ کە ساڵەهایە لەگەڵماندا دەژین..
ئەمە وا نابینرێت دژ بە کراوەیی و پێکەوەژیانی شارستانی بێت، بەقەد ئەوەی بوونی هەموولایەك دەپارێزێ لە ڕێگەی پاراستنی ناسنامە و بەهەندگرتنی تایبەتایەتی هەرلایەك ستراتیژی نەتەوەییمان لەو بارەدا دێتەدی کە ئیتر وا بەئاسانی ڕێگایەك نەگرینەبەر نەزانین

دەگاتە کۆ، با ئەو ڕۆگایە وای دابنێ قیرتاو بێ و ڕێبواری زەریشی لەسەربن..
دەخوازێ هەوێ بدەین نەگاتە ئەوەی جیهانایەتیش وەك مەدکی سەردەم لەدوورەوا سەیر بکرێ و چیتر نا!

(ئاراس سەعید) یەکەمین کتێبی (بەناونیشانی بەخربەن بە گوندێ بچکۆلەکێ) بڵاودەکاتەوە

(ئاراس سەعید) نووسەر و لێکۆڵەرەوەکار، یەکەمین کتێبی (بەناونیشانی بەخربەن بە گوندێ بچکۆلەکێ) بڵاودەکاتەوە.

ئەم کتێبە یەکەمین بەرهەمی نووسەرێ و ناوئاخنێ بە کەمەڵەک (هزرەوتار) لە ستراکچەری میدیا و فۆرمە نوێیەکانی دەکۆتەوە و ڕەدەچێتە نێو کایەی فەلسەفەی میدیا و لێو سەنگەیشەوە چەنێتی بەرهەمهێنانیی حەقیقەت و زانیاری لە فۆرمە جیاوازەکانی میدیا دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

شیاوی باسە، بەشێکی کتێبەکە تەرخانکراوە بە پرسی (پڕۆسەی میدیایی) کە فەرمان دەکات چۆن ماموستایەکی تەندروست و ئەقڵانی لەتەك فۆرمەکانی میدیایی نوێدا بکەین و نەبینە نەچیری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ساختەهەوا و ئیکلامەکان فریومان نەدەن.

هەروەها دووبەشی کۆتایی، تایبەتە بە زیرەکی دەستکرد و خستنەبەرباسی ئێو جیهانە نوێیەی لەسایەی ئەم تەکینیکە نوێیەوە خولقاوە.

لەم بارەی نووسینی کتێبەکەوە نووسەر دەڵێت:"پاڵنەری نووسین و کۆکردنەوە و بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمە، ئەوە بوو؛ هەر لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ لەبەشی ڕاگەیاندن، پێیم باوە بڕد کە سەرچاوەی پێویست لێو بوارەدا بەزمانی کوردی ئەجگار کەمە، لێو سەنگەیەوە بیارمدا کەمەڵەک هزرەوتار لێو بوارەدا بنووسم، تا

هاوزمانانی کوردم لەم بوارەدا بە بەش نەبن.”

جێی باسە، ئێستا کتێبەکە لە چاپخانەیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەران.